مەشهەدانی جەخت لەسەر بەردانەوەی ڕێژەیەکی زیاتر لە ئاو لە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات دەکاتەوە

ئەمڕۆ سێشەممە، مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، لەمیان سەردانێکی بۆ تورکیا جەختی لەسەر زیادکردنی ڕێژەی بردانەوەی ئاو لە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بەتایبەت لەم کاتەی ساڵدا کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە: "مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ هاوتا تورکییەکەی، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە، نوعمان کورتولموش ئەنجامدا، بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسانەی کە جێگای سەرنجی هەردوولایەن، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک پەرلەمانتار".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، مەشهەدانی جەختی لە "پرسی ئاو و پێویستی زیادکردنی ڕێژەی ئاو لە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات بە تایبەت لەم کاتەی ساڵدا کردووەتەوە، بە شێوەیەک کە ئاو دەگاتە پارێزگاکانی عێراق بەتایبەتی باشوور".

ئاماژەی بەوەشکرد، سەردانەکەی ئەمڕۆ لە کاتێکدایە کە دۆخێکی سەختی ئەمنی و تەحەدای وجودییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەوڵدەدەین عێراق نەخلیسکێتە ناو ململانێکانەوە".

بەگوێرەی راگەیندراوەکە، مەشهەدانی ستایشی هەڵوێستەکانی تورکیای کردووە و دەڵێت "ئەمە هەڵوێستەکانی تورکیا بەرز دەنرخێنین، هەروەها حساب بۆ هەڵوێستی تورکیا دەکەین لە هەموو شتێک کە سوودی بۆ عێراق هەیە" هەروەها "بانگهێشتی فەرمی ئاراستەی هاوتا تورکەکەی کرد بۆ ئەوەی لە چەند ڕۆژی داهاتوودا سەردانی عێراق بکات بۆ پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان".

لە درێژەی راگەیندراوەکە هاتووە ، "کورتولموش بەخێرهاتنی شاندی عێراقی کرد"، داوای کرد "ئەم سەردانە نیشانەیەکی باش بێت بۆ پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە لایەنی ئابووری و سیاسی نێوان هەردوو وڵات".